# ( نزای: ( اللهم بارك لأمتي في بُكُورها

له سەخری کوڕی وەداعەی غامیدیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو (لە نزایەکیدا): «(اللهم بارك لأمتي في بُكُورها)*»، وئەگەر (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) مەفرەزەیەک یان سوپایەکی بناردایە (بۆ جیهاد) لە سەرەتای ڕۆژ دەیانی نارد، وسەخر بازرگان بوو، ولە سەرەتای ڕۆژدا (کاروانە) بازرگانیەکەی ڕەوانە دەکرد، بۆیە دەوڵەمەند بوو وسامانی زۆر بوو. *(واتە: خودایە، بەرەکەت وپیرۆزی بخەیتەوە نێو ساتەکانی زووی بەیانی ئومەتەکەم)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزا بۆ ئومەتەکەی دەکات کە خوای گەورە -سبحانه وتعالى- بەرەکەت وپیرۆزی بخاتە نێو سەرەتای ڕۆژ وبەیانیانەوە؛ بۆئەوەی ماوەکە فراوان بێت وبەرەکەتی تێبکەوێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، وهەروەها بۆ ئەوەی کردەوەکان زیاتر بێت؛ ئینجا بۆ فێربوونی زانستی شەرعی بێت یان دەستکەوتنی ڕزق بێت، یان دەرچوون بێت بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، یان هەر کردەوەیەکی تر بێت؛ بۆیە ئەم نزایەی دەفەرموو: «(اللهم بارك لأمتي في بُكُورها)*»، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەفرەزە وسوپاکانی لە سەرەتای ڕۆژدا دەنارد بۆ جیهاد کردن، وهەروەها سەخر (گێڕەرەوەی فەرموودەکە) هەمان شتی جێبەجێدەکرد چونکە بازرگان بوو -ڕەزای خوای لێبێت-، لە سەرەتای ڕۆژدا (کاروانە) بازرگانیەکەی ڕەوانە دەکرد، بۆیە دەوڵەمەند بوو وسامانی زۆر بوو؛ ئەمیش بەهۆی نزا کردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-. *(واتە: خودایە، بەرەکەت وپیرۆزی بخەیتەوە نێو ساتەکانی زووی بەیانی ئومەتەکەم)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5941